کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی دوانەیی حکومەتی فیدراڵی ئەمریکایە، کە چاودێری مافی جیهانی بۆئازادی ئایینی یان بیروڕا لە دەرەوەی وڵات دەکات. ئەم کۆمسیۆنە لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی ئازادی ئاینی (*IRFA*) لەساڵی 1998 ەوە دامەزرێنراوە، و کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) پێوەری نێودەوڵەتی بەکاردێنێت لە دەرەوەی وڵات بۆ چاودێریکردنی توندوتیژیی بەرانبەر ئازادی ئایینی یاخود بیروڕا، و هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پێشنیاری ڕامیاری و سیاسی پێویست بۆ سەرۆک و وەزیری دەرەوە و کۆنگرێس. (*USCIRF*) قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیایە و پەیوەندی نییە بە وەزارەتی دەرەوە. ڕاپۆرتی ساڵانەی 2019 دەرئەنجامی تەواوی کارەکانی ساڵێکی کارمەندانی کۆمسیۆن و ستافی پسپۆران لەخۆ دەگرێت کە توندو تیژییەکانیان لە مەیدانەکانی دەرەوە تۆمارکردووە و ڕاسپاردەی سیاسەتی سەربەخۆیان ئامادەکردووە بۆ حکومەتی ئەمریکا. ڕاپۆرتی *ساڵانەی* 2019 مەودای کار لەکانونی دووەم 2018 تا کانونی یەکەم 2018 لەخۆدەگرێت، هەرچەندە لەهەندێک حاڵەتدا هەندێ ڕووداوی گرنگ کە لە پێش یان لە پاش ئەم مەودایەوە ڕوویانداوە لەم ڕاپۆرتەدا باسکراون. بۆ زانیاری زیاتردەربارەی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) سەیری ماڵپەڕەکە بکە لێرە، یاخود ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بە (*USCIRF*) لەڕێگەی ئەم ژمارەیەوە 202-523-3240.

## عێراق

**دەرئەنجامە سەرەکییەکان:**

لە ساڵی 2018 دا، بەردەوام بوونی ئاستەنگی بەرچاو بۆ بارودۆخی ئازادی ئایینی لە عێراق، بەرەو باشتربوون دەچێت بەڵام بەرەوپێشچوونێکی زۆر هێواشە. حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لە پیشاندانی نەویستن یان نەتوانین بۆ فەراهەم هێنانی ئاسایشێکی گونجاو بۆ کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان. هەروەها خۆی دزیەوە لە ڕێکارە یاساییەکان بۆ موسوڵمانە سوننەکان و ئەو ئەندامی خێزانانەی کە تاوانبار کرابوون بە پاڵپشتی کردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامی ناسراو بە (داعش)، لە هەمان کاتدا بەردەوام بوو و سنوردارێتیەکانی سەپاندووە بەسەر ئازادیی ئاینی، وەک یاساکانی دژ بە کفرکردن و نەبوونی لێبووردەیی فەرمی بەرانبەر هەندێک کۆمەڵگەی ئاینی. ئەمە لە کاتێکدایە، هەرچەندە سەرکردە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان شکستی داعشیان لە کۆتایی 2017 ەوە ڕاگەیاندبوو، بەڵام چالاکیەکانی گروپەکە بەردەوام بوو لەسەرانسەری وڵاتەکەدا وەک گروپێکی ڕاپەریوی خانەیی لێکترازاو نەک بەشێوەی دەوڵەتێکی ناوچە کۆنترۆڵکەری خاوەن سوپای ڕێکخراوی ناوەندی. ئەم گۆرانکاریە ڕێگەی داوە بەوەی کە ڕێژەی چالاکیە بچوکەکانی زیاد بکات و بە خەمڵێنراوی تەنها لە عێراقدا نزیکەی 15.000 شەرکەری ئەندام لەخۆ بگرێت. هەروەها، ئەو کەمینە نەتەوەیی و ئاینیانەی کە داعش بە دیاری کراوی جیایکردبوونەوە بۆ جینۆساید، وەکو یەزیدی و مەسیحیەکان، بەردەوام لە دوودڵیەکی خراپدا بوون بەوەی کە ئایا بارودۆخەکە ڕێگەیان پێ دەدات بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان یان نا. ئەم دوو دڵیە بە دیاریکراوی زۆر بەرچاو بوو لەو ناوچانەی کە ئازادکرابوون لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی داعش/ یان ئەو ناوچانەی کە دەکەونە ناو هەندێک ناوچەی جێ ناکۆکی باکوری عێراق، کە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە ماوەیەکی زۆرە بە ناسەقامگیری ماوەتەوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) و حکومەتی فیدراڵی عێراق (IFG)، وەکو شەنگار و دەشتاییەکانی موسڵ و کەرکوک. لە دەرئەنجامی ئەمەشدا،

ڕێژەی گەڕانەوەی کەمینە ئاینییە ڕاگوێزراوەکان زۆر کەمتر بوو بە بەراورد بە کۆمەڵگەی موسوڵمانە سوننی و شیعەکان کە لە ماڵەکانیان هەڵهاتبوون دوابەدوای سەرهەڵدانی داعش لە 2014 دا. بۆ هەندێک کۆمەڵگە، بۆ نمونە زیاتر لەو 200.000 یەزیدیانەی کە ڕاگوێزرابوون لە ناوچەی شەنگار، ژمارەیەکی کەمی کەسە ڕاگوێزراوە ناوخۆییەکان (IDPs) لە 2018 گەڕانەوە، چونکە زۆرینەیان لە کامپەکاندا مانەوەو چاوەڕێی ئاوادانکردنەوەو گەڕانەوەی ئاسایشی ناوچەکانی خۆیان دەکەن. لە ئازاری 2018 دا، وەفدی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) سەردانی ناوچەکانی ژێر سەرپەرشتیاری هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی کرد بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئازادیی ئاینی لەو ناوچانەدا.

لە سۆنگەی ئەم بابەتانەوە، لە ساڵی 2019 دا، کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) دووبارە حکومەتی عێراقی لە چینی دووەم داناوە بۆ مامەڵەکردن یان قبووڵکردنی پێشێلکردنی ئازادیی ئاینی کە بە لایەنی کەمەوە لەگەڵ یەکێک لە ڕەگەزە پێوەرەکانی وەک "سیستماتیکی، بەردەوام، خراپ" یەکدەگرێتەوە بۆ ئەژمارکردنی وەک "وڵاتێک کە جێگەی دڵەڕاوکێی تایبەت بێت" (CPC)، لە ژێر یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی (*IRFA*). هەروەها کۆمسیۆن (*USCIRF*) وای دەبینێت کە لەبەر ئەوەی داعش چیتر "دەسەڵاتی سیاسی بەرچاو و کۆنترۆڵی ناوچەیی ناکات" لە ناو عێراقدا لەماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا، لەگەڵ پێوەرەکانی دەستنیشانکردندا یەک ناگرێتەوە کە وەک "قەوارەیەک ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ تایبەت" دەستنیشان بکات، یان EPC ،لەبەر پێشێلکردنی ئازادی ئاینیی بەشێوەیەکی توندوتیژ کە لە گۆڕانکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی IRFA لە کانوونی یەکەمی 2016 دا ناسێنراوە. هەرچەندە، USCIRF هێشتا پێی وایە کە داعش لەگەڵ پێوەرەکانی دەستنیشانکردن یەکدەگرێتەوە لە بابەتی پەیوەندیدار بە دەستبەسەراگرتن و چالاکی ناوچەیی لە سوریا، هەر بۆیە پێشنیار دەکات کە لەوێ وەک EPC "قەوارەیەک ببێتە هۆی دڵەراوکێ تایبەت" دەستنیشان بکرێت.

**ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی ئەمریکا**

- خێراکردنی پرۆسەی فەراهەمکردنی هاریکاری ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیری ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی داعش ئازاد کراون، تاوەکو ئاسانکاری بۆ گەڕاندنەوەی کۆمەڵگە ڕاگوێزراوەکان و لاوازەکان و ئەوانەی تر کە داعش جۆری ئاین و نەتەوایەتیانی سەرکوتی کردون، وەک بەشێک لە بەدواداچونەکانی یاسای 2018 بۆ بەرپرسیارێتی وبوژانەوەی جینۆسایدی عێراق و سوریا (پ.ل 115-300)؛
- هاندانی هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە ئاشتیانە ناکۆکیەکانیان لەبارەی بودجەی ماوەو، نەوت و ناوچە جێ ناکۆکەکانەوە چارەسەر بکەن، وەک کێشەی ماوە درێژی پشتگوێ خراو لەبارەی جێبەجێکردنی مادەی 140 ی دەستوری عێراق، کە ئاستەنگی بۆ توانایەکانیان دروست کرد هەتا بە

تەواوەتی هەڕەشەی داعش دەستنیشان بکەن و ڕێگە بدەن بە کۆمەڵگە ڕاگوێزراوەکان- لە ناویشیاندا کەمینە ئاینی و نەتەوایەتیەکان- کە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان؛

- هاندانی هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕێگری بکەن لە داگیرکردنی ماڵ و کەلوپەلی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان لە لایەن کۆمەڵگە دەسەڵاتدارو زاڵەکانەوە، هەروەها هاوکاری کردنی یاسایی و شێوازی تری هاریکاری کردن بۆ هەردوو حکومەت تا ڕێبازێکی گونجاو دابنێن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە درێژخایەن و نێوکۆمەڵگەییە موڵکیەکان؛ و
- دیاریکردنی هەموو هاوکارییەکی سەربازی و ئەمنی بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی کە هێزە ئەمنییەکان بەجۆرێک بگونجێنرێن کە ڕەنگدانەوەی هەمەچەشنەیی ڕەگەزی و ئاینی وڵاتەکە بکات، و ڕاهێنان دابین بکرێت بۆ یەکە وەرگرەکانی تایبەت بە ستاندەردی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی مەدەنی و بە تایبەتی کەمینە ئاینییەکان.

**کۆنگرێسی ئەمەریکا پێویستە:**

- پاڵپشتی ئەو یاسایانە بکات کە بە دیاریکراوی ئامانجیەتی کە ئابلۆقەی قەوارە پاڵپشتی کراوەکان لە لایەن ئێرانەوە بکات وەک هێزەکانی حەشدی شەعبی (PMF)، بە تایبەتی عەسائیب ئەلحەق و بزوتنەوەی حیزبوڵای ئەلنوجابە، کە توندوتیژی تایفەگەرییان ئەنجامداوە لە عێراق و سوریا و هەروەها ئاستەنگیان خستوەتە بەردەم هەوڵەکان بۆ گێرانەوەی ئاسایشێکی سەرپەرشتیکراو لە لایەن حکومەتەوە و سەقامگیری لەسەرانسەری عێراقدا.

## پاشخان

**عێراق**

**ناوی تەواو:** کۆماری عێراق

**حکومەت:** کۆماری پەرلەمانی فیدراڵ

**دانیشتوان: 40.194.216**

**ئاین/بیرو باوەڕی ناسێنراو لە لایەن حکومەتەوە:** ئیسلام، مەسیحی، سابیئەی مەندائی، بیروباوەڕی بەهائی، زەردەشتی، بوزی، هیندۆیزم، جولەکە، ئاینی خەڵک

**دیمۆگرافیای ئاینی*:** %95-98 موسڵمان (%64-69 شیعە، %29-34 سوننە)

%1 مەسیحی

<%1 هیتر (یەزیدی، سابیئەی مەندائی، بەهایی، زەردەشتی، بوزی، هیندۆز، جولەکە، لایەنگرانی ئاینی خەڵک لە خۆ دەگرێت)

*کتێبی ڕاستیەکانی جیهانی سی ئای ئەی

عێراق بە بەردەوامی و بە درێژایی ساڵی 2018 ڕووبەڕووی ئاستەنگی توند بوویەوە. داعش لە باری بەرگریکردندا مایەوە و وا دەردەکەوێت کە لە هەوڵدا نەبێت کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ناوچەکانی عێراق بگرێتەوە لە ماوەیەکی کورتدا. هەرچەندە، چالاکوانەکانی- لەوانەیە هێشتا ژمارەیان لە نێوان 20.000-30.000 دابێت، بڵاوبوونەتەوە بەسەر عێراق و سوریادا- گەڕاونەتەوە بۆ پیلانەکانی پێش 2014 بە جێبەجێکردنی هێرشی بچوک، وەک بەشێک لە ستراتیژێکی درێژ خایەن بۆ هێشتنەوەی توانای چالاکی گروپەکە بە خۆ بەدوور گرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی گەورەی سوپای عێراق، کوردی، یان هێزە نێودەوڵەتیەکان. بەپێی ئەو گروپانەی کە لە نزیکەوە تێبینی زانیاری پێکدادان دەکەن و تۆماری دەکەن، لە ڕێگەی ئەم جۆرە پیلانەوە، داعش توانیویەتی کە بە ڕێژەی لانی کەم 75 هێرش لە هەر مانگێکدا لە عێراقدا بە درێژایی ساڵی 2018 جێبەجێ بکات، لە کاتێکدا کە هەوڵی داوە بەرچاو بێت، ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش بوو بێت، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە جێی ناکۆکی یان لەژێر دەسەڵاتی هیچ حکومەتێکدا نین و کە ئاسایش تیایاندا زۆر کەمە. بە کورتی، هەرچەندە داعش بە شێوەیەکی کاتی کشاوەتەوە بەر سێبەرو کەمتر دەردەکەوێت، بەڵام بەردەوام وەک هەڕەشەیەکی گەورەو هەڵپەسێردراو دەمێنێتەوە، بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگە کەمینە لاوازەکان لە باکوری عێراق کە پێشوەخت جێگەی ئامانجی سەرەکی تەوژمێکی دیاریکراوی توندوتیژی بوون لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە لە 2014 ەوە.

دیاردەکانی تر لە هەندێک شوێنی تر لە وڵاتەکەدا هەوڵەکانی لەناوبردنی تەواوەتی هەڕەشەکانی داعشیان ئاڵۆزترکرد. چەندین گروپی تێکهەڵچووی تر بەردوام بوون لە هەوڵدان بۆ جڵەوگیری لە ناوچە جێ ناکۆکەکانی باکوری عێراق: هێزە کوردەکانی پێشمەرگە؛ حەشدی شەعبی پاڵپشتکراو لە لایەن ئێرانەوە؛ یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (YPG) لە سوریای دراوسێوە؛ وە هێزەکانی ئاسایشی عێراق (ISF). لە قەزایەکی باشوری پارێزگای بەسرە، خۆپیشاندانی بەرفراوان لە مانگی حوزەیران و ئەیلولی 2018 دا دژی گەندەڵی، خزمەتگوزاریە خراپەکانی حکومەت و دەستێوەردانی ئێران حکومەتی ناچار کرد ژمارەیەکی بەرچاوی هێزەکانی ئاسایشی عێراق لەو ناوچانەدا بجوڵێنێت و هەوڵ بدات دەسەڵاتی خۆی ڕابگەیەنێت بەسەر گروپەکانی حەشدی شەعبی ناوچەیی. ئەم هەڵچونەی هاوڵاتیان هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە تەشەنە بکات بۆ ناکۆکیەکی فراوانتری نێوان شیعەکان و بووە هۆی ئەوەی کە سەرنجی سوپا لابدات لەسەر چڕکردنەوەی هەوڵەکانی هەتا بە تەواوەتی داعش ڕیشەکێش بکات و لەهەمان کاتیشدا ئاسایش بگەڕێنێتەوە بۆ باکور. هەرچەندە، لەماوەی کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا خراپترین باری ئەو هەڵچونانەی هاوڵاتیان بە شێوەیەکی باش کەمی کرد.

لە هەمان کاتدا، هەرچەندە دوابەدوای ڕیفراندۆمەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە ساڵی 2017 دا، ناکۆکیە ئاشکراکان بە شێوەیەکی کاتی ڕووی لە کەمبوون کرد لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە سەبارەت بە گرتنی کەرکوک و هەندێک ناوچەی تر، حکومەتی عێراق هەڵبژاردنی لە ئایاری 2018 دا ئەنجامدا، و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی خۆی لە تشرینی یەکەمدا ئەنجامدا، کە بووە هۆی هاتنی سەرکردایەتی و نوێنەرانی پەرلەمانی تازە بۆ هەردوو دەسەڵاتەکە. لە کۆتایی ساڵی 2018 دا، چەندین پلەی دەسەڵات لە هەردوو حکومەتەکەدا بە بەتاڵی مانەوە بەهۆی ئەوەی کە گفتوگۆی ناوخۆیی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە هێواشی بەرەوپێش چوو، و بووە هۆی ئاڵۆزترکردنی

گەڕانەوەی ئاسایش، پرۆسەی بنیاتنانەوەی دوای داعش، و توانای سەرۆکایەتی بۆ وەدەستخستنی چارەسەری درێژخایەن بۆ کێشە زۆر چەقبەستوەکانی عێراق پەیوەندیدار بە بارودۆخی ئازادیی ئاینی و لایەنە هەستیارەکانی تر.

سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، بەرەو پێشچونێکی زۆر کەم هەبوو لە هەوڵدان بۆ دەسنیشانکردنی پێویستیە مرۆییە هەستیارەکانی کۆمەڵگە دۆخ ناسکەکان و هەڕەشە لێکراوەکانی عێراق. لە مانگی ئایاردا، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) ئەنتۆنیۆ گوتێریش، کریم أسعد أحمد خانی وەک ڕاوێژکاری تایبەتی و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە دەستنیشان کرد و ئەرکی جێبەجێکردنی [ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکانی 2379] پێ سپارد. ئەو ڕاگەیاندنەی 2017 تیمێکی لێکۆڵینەوەی سەرپشک کرد کە داعش بە بەرپرسیار لەقەڵەم بدات بە کۆکردنەوە، پارێزگاریکردن و تۆمارکردنیان لە یاسای بەڵگەکانی عێراقدا لە لایەن گروپەکەوە کە دەکرێت، تاوانی جەنگ، تاوان دژی مرۆڤایەتی، یان جینۆساید/کۆمەڵکوژی بن. پاشان تیمەکە ڕایانگەیاند کە لە پلانیدایە کە دەست بکات بە کاری مەیدانی لە عێراق لە سەرەتای ساڵی 2019 دا.

سەرەڕای ئەوانەش، هەموو ئەوانەی سەرەوە دەکرێت تێگەیشتن لێیان باشتر بێت کاتێک لە میانەی چوارچێوە فراوانەکەی زیاتر لە 15 ساڵی ڕابردوی عێراقدا تەماشا بکرێن لە ڕووی دەمارگیری مەزهەبی و توندوتیژیەوە، کە زۆر بە خراپی کاریکردووەتە سەر مافەکانی مرۆڤ و بارودۆخی ئازادی ئاینی. ئەم کەشوهەوا دوور و درێژەی مەزهەبی سەرهەڵدانی داعشی لە باکور و ناوەڕاستی عێراقدا لە 2014 دا ئاسانتر کرد، و هەمان بارودۆخ هێشتا لە ئارادایە و بوونی هەیە لە 2018 سەرەڕای تێکشکانی گروپەکە وەک هێزێکی داگیرکەر لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا. پەسەندترکردنی دانیشتوانی سوننە مەزهەب لە لایەن سەرۆکی پێشوو سەدام حسەین و گرنگی پێدانی دانیشتوانی شیعە مەزهەب لەلایەن سەرۆک وەزیرانی پێشوو نوری ئەلمالیکی هۆکاری ئەم دابەشبوونە بووە و بووەتە هۆی دروستبوونی بێ متمانەییەکی بەرچاو لەنێوان دوو گەورەترین کۆمەڵگەی ئاینی وڵاتەکەدا. ئەم کرژی و ئاڵۆزیانە بە تێپەڕبوونی کات تەنها خراپتربوون: هەرچەندە سەرۆک وەزیرانی پێشوو، حەیدەر ئەلعبادی ئارەزوومەندی پیشاندا کە پێچەوانەی پلان و سیاسەتی ئاشکرای مەزهەبی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کاربکات، بەڵام لە ماوەی چوار ساڵی کارکردنیدا، سەرکەوتنی زۆر کەمی بەخۆیەوە بینی لە چارەسەرکردنی ئەم گرژی و ئاڵۆزیانەدا کە بەردەوام لە تەشەنەکردندایە لە کۆمەڵگەی عێراقی، دامەزراوە حکومیەکان و هێزە ئەمنییەکیاندا. هاوڵاتیانی موسوڵمانی سوننی هێشتا متمانەیان بە حکومەتی زۆرینە موسەڵمانی شیعە مەزهەب نییە بەوەی کە پارێزگاری کۆمەڵگاکەیان بکات یان دەنگیان بە شێوەیەکی کاریگەریانە لەناو حکومەتدا یەک بخات، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە بۆ دانیشتوانی موسوڵمانە شیعەکان و شێوازی مامەڵەکردنی موسوڵمانە سوننەکان، بەوەی کە موسوڵمانە شیعەکان بەوە گومانیان هەیە یان تاوانباریان دەکەن کە هاوکاری ڕاستەوخۆ یان شاراوەیان پێشکەش بە داعش کردووە لەو ماوە کورتەی کە لە دەسەڵاتدا بوون.

زیاد لەوەش، کەمینە ئاینییەکان، لەوانەش کۆمەڵگەی یەزیدیەکان و مەسیحیەکان، بەگومانن لە تواناو ئارەزوومەندی حکومەتی عێراق بۆ پارێزگاریکردنیان لەگرپە توندرەوەکانی هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە، وەکو داعش و یەکە

مەزهەبیەکانی حەشدی شەعبی- ئەمەی دواییان هێشتا حکومەتی عێراق لەتوانایدا نییە یان نایەوێت بیانخاتە ژێر پێکهاتەی ڕکێف و کۆنترۆڵی هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە. هەرچەندە لە ساڵی 2017 حکومەتی عێراق هەوڵێکی زۆری هاوکاریکردنی مافەکانی کەمینەکانی داوە – بەتایبەتی لەناو پارێزگای موسڵ دا- و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە پێشکەشکردنی پەناگەیەکی تاڕادەیەک سەلامەت بۆ کۆمەڵگەی کەمینە ڕاگوێزراوەکان، بەڵام زۆرێک لەوان هێشتا بەگومانن کە ئازادی ئاینی و مافەکانی مرۆڤ لە پێشەنگی سەرکردایەتی عێراقدا بن.

**باروودۆخی ئازادی ئاینی 2018**

***ڕاگوێزانی ماوەدرێژی کەمینە ئاینییەکان:*** تەنانەت پێش سەرهەڵدانی داعشیش لە 2014 دا، کۆمەڵگە ئاینییە بچوکەکانی عێراق- کە مەسیحیە کاتۆلیکەکان و ئۆرسەدۆکسەکان، پرۆتستانسەکان، یەزیدیەکان، سابیئە مەندائیەکان لە خۆ دەگرێت، پێشتریش بە ڕێژەیەکی بەرچاو و لە چوار ساڵی دواتردا کەمیان کردبوو. عێراق لە مەترسیەکی زۆری لەدەستدانی کۆمەڵگا مەسیحیە کۆنەکانییەتی، کۆمەڵگایەک کە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژمارەدا کەمی کردووە. بە پێی سەرکردە مەسیحیەکان، لە ئێستادا کەمتر لە 250.000 مەسیحی لە عێراقدا هەن کە لە خەمڵاندنی پێش ساڵی 2003 دا 1.4 ملیۆنەوە کەمی کردووە، هەرچەندە سەرکردە ئاینییە مەسیحیەکان هەوڵیانداوە کە هانی مەسیحیەکانی عێراقیان بدەن بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەدا بمێننەوە، بەڵام زۆرینەیان لە زێدی خۆیان و لەماوەی جەنگە کاولکاریەکانی باکوری خۆرئاوای عێراقدا هەڵهاتوون. لە کاتێکدا کە، سەرکردە یەزیدیەکان دەڵێن کە ژمارەی کۆمەڵگەکەیان لە ئێستادا نزیکەی 400.000 - 500.000 دەبێت بەو 3.000 ەشەوە کە داعش لە 2014 دا ڕفاندونی و تا ئێستا بێ سەروشوێنن، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی کاکەییەکان لە 300.000 تێ ناپەڕێ. کۆمەڵگەی سابیئە-مەندائیەکان لە نێوان 1000 و 2000 دایە، و کەمتر لە 2000 بەهایی هەن.

یەزیدیەکان، کە شوێنکەوتوانیان لە ناوچەی شەنگاری سەر بە پارێزگای موسڵ بوون بە قوربانی کارە کۆمەڵکوژیەکانی داعش لەسەرەتای ناوەراستی 2014 دا، بەنزیکەیی هەمویان لەشوێنی باوباپیرانی خۆیان ڕاگوێزراون، کە زۆرینەیان لە کامپی ئاوارەکانی سەربە پارێزگای دهۆک داڵدە دراون و ئەوانی تریش هێشتا بەدوای پەناگەدا دەگەڕێن لەژێر چادری بێکەڵکدا لە سەرچیای شەنگار. لەکۆتایی ماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا، شارۆچەکە و لادێکانیان لە ناوچەی شەنگار بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بە دەست لێنەدراوی ماونەتەوە بە گێرانەوەیان بێت یان بنیاتنانەوەیان، لەبەرئەوەی کە کێبرکێی جڵەوگیری سەربازی لەنێوان هێزە ململانێکەرەکانی وەکو حەشدی شەعبی، یەکینەکانی پاراستنی گەلی سوری، پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای ئاسایشی عێراق ڕێگر بوون لەبەردەم زۆربەی هەوڵەکان بۆ دووبارە سەقامگیریکردنەوەی وەک دووبارە بنیاتنانەوەی ماڵەکان، ژێرخانی ئابوری، بازرگانی و پەرستگاکان.

ژمارەیەکی دیاریکراوی ئاشوریەکان و مەسیحیە کلدانەکان گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان لە دەشتاییەکانی موسڵ، وەک قەرەقوش، کە تیایدا ئاشوریەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی 2014 وە یادی جەژنی زیندووبوونەوەی حەزرەتی عیسایان

(ئیستەر) کردەوە. زۆربەیان هێشتا نەگەڕاونەتەوە، هەرچەندە، لەبەر نەبوونی ژێرخانی ئابوری، و مەترسی هەبوونی تەقەمەنی و مینی حەشاردراو و پاشماوەی نەتەقاوە، و ترسی بەردەوامی سەرهەڵدانەوەی داعش ڕێگربووە لەبەردەم ئاوارە مەسیحیەکاندا کە بگەڕێنەوە بۆ موسڵ یان لادێکانیان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئابوریاندا. لەماوەی سەردانەکەی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) لە ئاداری 2018 دا، حکومەت و نوێنەرانی کۆمەڵگاکان بە بەردەوامی ئەو کێشانەیان دووپات دەکردەوە.

وێرای ئەو کێشانەی سەرەوە، کاریگەرترینی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ئەو ژمارە زۆرەی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی عێراق دەبنەوە، زنجیرەیەک ئاستەنگی لاوەکی تر بەشدارن لە هێنانە خوارەوەی ئەم ناوچە کۆمەڵایەتیەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زۆر پڕ وزەو پڕ هیوا بووە. هەندێک لەم کێشانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پاشماوەکانی بەرنامەی توندوتیژیەکانی داعشەوە هەیە: بۆ نمونە، شەڕکەرەکانی داعش سەرچاوە کشتوکاڵیەکانی چەندەها کۆمەڵگای لادێ نشینی ناوچەکانی باکوری خۆرئاوایان لە دوای خۆیان وێران کردووە، کاتێک کە لە 2016 و 2017 دا کشاونەتەوە، بە تێکدانی بیرەکان، ساباتەکان و ژێرخانەکان. هەرلەبەر ئەمەیە ژیارێکی زۆر کەم بەجێ ماوە تاوەکو کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی زۆرێک لە کۆمەڵگە جوتیارنشین و کشتیاران بکات، وەکو زۆرینەی لادێکانی یەزیدیەکان لەو ناوچەیەدا. هەنووکە، سەدەها ژنانی ئازادکراوی یەزیدی لە ئێستادا دوچاری بڕاردەیەکی زۆر قورس بوونەتەوە چونکە ئەوان لە ئەنجامی لاقەکردنیان لەلایەن ئەندامانی داعشەوە لە ماوەی دەستبەسەرکردنیاندا منداڵیان بووە. توشی بێبەری کردن بوونەتەوە لەلایەن کۆمەڵگاکانی زێدی خۆیان کە سەرکردە تەقلیدیەکانیان سورن لەسەر وەرگرتنەوەی ژنەکان، بەڵام منداڵەکانیان- کە لە باوکێکی تاوانکەری جینۆساید و نایەزیدی لە دایک بوون کە دەکرێت ژمارەیان سەدەها ببێت- شوێنیان نابێتەوە لەناویاندا. سەرەڕای ئەوەش، گەندەڵی چەندین ساڵەی حکومەت و پشتگوێ خستنی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، چەندەها سائیبی مەندائیان ناچارکردووە کە کۆچ بکەن- کە داهاتیان بەندە بە هەبوونی ئاوی پاک و خوڕەوە- لە زێدی کۆنی خۆیان لە خواروی عێراق بۆ شوێنێکی تری دانیشتوان کەمتری وڵاتەکە، یان بە تەواوی بۆ دەرەوەی وڵاتەکە کۆچ بکەن.

***دەستدرێژیەکان لە لایەن داعشەوە***: سەرەڕای ڕاگەیاندنەکەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو ئەلعەبادی لە کانونی یەکەمی 2017، کە عێراق بە تەواوەتی هەموو ناوچەکانی لە ژێر کۆنترۆڵی داعشی ئازاد کردووە، بە هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانی جیهانی بەسەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ تێکشکاندنی داعش، لە 2018 دا، ئەو داعشانەی کە مابوونەوە و هەڵهاتبوون و خۆیان حەشاردابوو، چەند چالاکیەکی بچوکی چەکداری و کوشتن وهێرش بە ئامێری تەقینەوەی خودکار لە سەرانسەری چەندین بەشی وڵاتەکەدا جێبەجێ کرد. ئامانجەکانیان بریتی بوون لە هێزەکانی ئاسایش و سوپای عێراق، لە مەیدانی شەڕ و لە ناو ماڵەکانی خۆشیاندا؛ ئەندامە دیارەکانی سەر بە خێڵەکان و لادێکان کە لە کاتی داگیرکردنیاندا، دژایەتی داعشیان کردبوو؛ خاڵەکانی پشکنین و تیمە خولاوەکانی حەشدی شەعبی؛ هاوڵاتیانی مەدەنی و ڕێبواران لە ناوچە شاریەکانی باکوری عێراق، وەک بازاڕەکان و چێشتخانەکان و؛ هی تریش. لە کاتێکدا ئەم هێرشانە تەرکیزیان لەسەر لێدانی ئامانجە سەربازیەکان و هەوڵدان بووە بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئەندامە دیارەکانی کۆمەڵگە سوننی و شیعەکان، هەنووکە مانای هەبوون و

بەردەوامی مەترسی ئەوەیە کە داعش هێشتا سەرچاوەکان، توانایی و پاڵنەری هەیە بۆ دووبارە یەکخستنەوەی خۆی و دووبارە ئەنجامدانی جینۆساید و لێنەبووردەیی توندوتیژانە بەرانبەر بە دوژمنەکانیان لە موسوڵمانە شیعەکان، یەزیدیەکان، مەسیحیەکان و ئەوانی تر.

وڵاتەکە بەردەوامە لە ململانێکردن لەگەڵ میراتی توندوتیژی داعش لە چەندین ڕێگەی هەمەچەشنەوە. زیاتر لە 3.100 بە نزیکەیی لەو 6.400 یەزیدیەی کە داعش لە 2014 دەستبەسەری کردبوون بە دەستبەسەری ماونەتەوە، لەوانەیە لەلای ئەو ژمارە کەمەی حەشارگەی گروپەکە بن لەو ناوچانەی کە هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵیاندا ماوە لە سوریا. لە هەمان کاتدا، هەوڵەکانی حکومەت و لایەنە مرۆییەکان بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی قوربانیانی داعش، لەوانەش یەزیدیەکان، هاوڵاتیە موسوڵمانە شیعەکان و سەربازانی هێزەکانی سوپای عێراق. تاوەکو تشرینی دووەمی 2018، نەتەوە یەکگرتوەکان 202 شوێنی گۆڕی بەکۆمەڵی لەوجۆرەی دەستنیشان کردبوو، لەوانەش بەلایەنی کەمەوە 95 یان لە پارێزگای موسڵ و ئەوانی تریش بە درێژایی ناوچەکانی کەرکوک، صلاح الدین و ئەنبار کە داعش پێشتر کۆنترۆڵی کردبوون بڵاوبوونەتەوە. ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە، وا ڕاگەیاندراوە کە پاشماوەی نزیکەی 12.000 قوربانی تیابێت، کە هەندێکیان لە چاڵێکدا بۆ 8 قوربانی و ئەوانەی تریش لە چاڵی گەورەدا کە وا مەزەندە دەکرێت کە هەزارەهای تێدا بێت.

***سەرپێچیەکانی حکومەتی عێراقی:***

بەهەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو، دوبەدوای گرتنەوەی موسڵ لەدەستی داعش، گومانی موسوڵمانە سونییەکان بەرانبەر بە حکومەتی عێراق و هێزەکانی ئاسایشی عێراق تەواو چەسپی بوو. حکومەتی عێراق ڕێگری لەو خێزانانە کرد کە گومانی ئەوەیان لەسەر بوو کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبێت بگەڕێنەوە ناو ماڵەکانی خۆیان و هەندێکیشیانی خستبووە ناو "کامپی خێزانەکانی داعش" ەوە. چاودێرانی نێودەوڵەتی بەردوامبوون لە دۆزینەوەی بەڵگەی کوشتن و لەناوبردنی موسوڵمانە سونییەکان لە چواردەور و ناو موسڵدا لە 2018 دا، ئەمەش لە پاش چەندین مانگ لە گرتنەوەی شارەکە و کەوتنەوە دەستی هێزەکانی عێراق و نێودەوڵەتی لە کۆتای 2017 دا. لەهەمان کاتدا، چەندین ڕاپۆرت لە سەرچاوەی جیاوازەوە بەدرێژایی 2018 سەریان هەڵدا، لەسەر خێرایی و سەرزەنشتکردنی ڕێکارە یاساییەکان و بەڵگەکان کە دادگای تاوانی عێراقی پێشکەشی کردوون بە تاوانبارکردنی هەزارەها موسوڵمانانی سوننی بە تاوانی ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێوەکردن یان هاوکاری کردنی داعش، بە ڕێژەی خەمڵێنراوی لە سەدا 98 ی تاوانبارکردن. جیاوازیە کۆمەڵایەتی، ئاینی و ئایدیۆلۆژیەکان کە بووە هۆی سەرهەڵدانی داعش ئاڵۆز و هەمەچەشنە بوون، و دەکرێت لە سەروو دەسەڵاتی دادگای عێراقەوە بوویێت تاوەکو بتوانێت بۆ هەر گومان لێکراوێک لەیەکیان جیابکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، لە 2018 دا، حکومەتی عێراقی هەوڵێکی کەمی دا بۆ پێسپاردنی بە دادوەری کاتی کە بتوانێت یاساکان بەهێزتربکات و هەنووکە ژینگەیەکی ئاشتەوایی دروست بکات کە بتوانێت خولگەی توندوتیژی مەزهەبی بشکێنێت. هەموو بەرپرسە ناوچەییەکان، چالاکوانەکان و چاودێرە نیودەوڵەتیەکان پێکەوە بەهەمان شێوەو بە بەردەوامی ئەوەیان دەربڕیوە کە حکومەتی عێراقی پێویستە سکاڵاکانی سوننییەکان بەهەند

وەربگرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت یان لە سەرهەڵدانەوەی داعش یان دەرکەوتنەوەی جۆرەکانی تری توندوتیژی مەزهەبی.

***کێشەکانی تری حکومەتی عێراقی:*** لە ئایار ی 2018 دا، حکومەتی عێراقی هەڵبژاردنی سەرتاسەری ئەنجامدا، و دەرئەنجامەکەشی بەشێوەیەکی گشتی بە ئاشتیانە، بەڵام پارێزراوی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بوو بۆ دەستەیەکی بەڕێوەبردنی نوێ لە سەرەتای تشرینی یەکەمدا، بەسەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی وەک سەرۆک وەزیران و بەرهەم ساڵح وەک سەرۆک کۆمار. هەردوو بژاردەکە، بەشێوەیەکی گشتی وەک بژاردەی ئاشتیهێنەر دەبینران، بە دوورخستنەوەی وڵاتەکە لەو سیاسەتە زیاد لە پێویست مەزهەبگەراییەی نوری مالیکی، کە لە ماوەی 2006 بۆ 2014 سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکرد، و هەروەها حکومەتە نێوەندگیریەکەی حەیدەر ئەلعەبادی، کە ماوەی کارکردنەکەی زۆرتر بە هەرەشەکانی داعشەوە تێپەڕاند. وەک ئاماژەیەک بەوەی کە حکومەتەکە بایەخ بە چاودێریکردنی زیادەی نێوەدەوڵەتی دەدات لەسەر بارودۆخی کەمینە نەتەوایەتیەکان و ئاینییەکان، کابینەکەی حکومەت لە کانونی یەکەمی 2018 دا، یاسایەکی تازەی تێپەڕاند کە تیایدا 25 ی کانونی یەکەم وەک پشویەکی نیشتیمانی ڕاگەیەندرا وەک ڕێزگرتن لە ئاهەنگ گێرانی مەسیحیەکانی عێراق بۆ ڕۆژی کریسمس. وەهەروەها لە کانونی دووەمی 2018 دا، دادگای باڵای فیدراڵی فەرمانی دەرکرد کە نوێنەرایەتی یەزیدیەکان لە پەرلەمان لە یەک کورسیەوە بۆ پێنج کورسی زیاد بکرێت، تاوەکو بەشێوەیەکی ڕێژەیی زیاتر ڕەنگدانەوەی ژمارەی دانیشتوانی کۆمەڵگاکە بێت. هەرچەندە کە پەرلەمان سەرکەوتوو نەبوو ئەم یاسایە پێش هەڵبژاردنەکانی 2018 تێپەڕێنێت. ئەو جۆرە نوێنەرایەتیە زۆرترین جەختی لەسەر کرایەوە لە لایەن سەرکردەی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانەوە و بە USCIRF ڕاگەیەندرا لە ماوەی سەردانەکەی لە مارسی 2018 دا.

سەرەڕای ئەم هەوڵە جیاوازانە بۆ بەرەوپێشچون سەبارەت بە ڕادەستکردنی دەسەڵات لە وڵاتەکە، ئاستەنگە بە بەرنامە کراوەکان لەبەردەم بارودۆخی ئازادی ئاینی لە عێراق هێشتا ماوەتەوە. حکومەت بە شێوەیەکی گشتی داواکانی ئاشوریەکان و مەسیحیە کلدانییەکانی پشتگوێ خستوە سەبارەت بە داگیرکردنی نایاسایی زەویەکانیان لەسەرەتای ڕاگوێزکرانە کاتیەکەیان لەلایەن داعشەوە، تەنانەت کاتێک کە چەندین ڕاپۆرت دەربارەی دەستبەسەراگرتنی نایاسایی و هەوڵدان بۆ دووبارە تۆمارکردنەوەی موڵکی زیاتر لە 300 مەسیحی لە پارێزگای موسڵ دا دەرکەوتن. لە چوارچێوەی عێراقدا، موڵک کێشەیەکی ئاڵۆزە، بەوەی کە هەندێک لە ناکۆکی لەوبارەیەوە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین دەیە کاتێک کە حکومەتی بەعسی سەرۆکی پێشوی عێراق، سەدام حسین هەوڵی دا کە بە زۆر دیمۆگرافیا لەو ناوچانەی کە لە بنەڕەتدا کوردی تێدا زۆرینە بوون بۆ زۆرینەی عەرەب ڕەگەز بگۆڕێت. سەرەڕای ئەوەش، سەرهەڵدانی قەیرانی ئاوارە ناوخۆیەکانی عێراق لەو ناوچانەی کە داعش دەستی بەسەردا گرتبوون لە نێوان 2014 بۆ 2017 بووە هۆی زیادکردنی چینێکی تری کێشەو نادادی، بەوەی کە کاتێک خێزانە مەسیحیەکان ویستیان بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان، بینیان کە هەندێک لە موڵکەکانیان لە لایەن عەرەبی سوننە یان کوردەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو.

زیاد لەوەش، حکومەتی عێراقی بەردەوام بوو لە ڕێگریکردنی کۆمەڵگاکان یان تاکەکان کە بە ئازادانە باوەڕی خۆیان دەربڕن و پەیڕەوی بکەن. یاسای ناسنامەی نەتەوەیی ساڵی 2015 هێشتا جێی کێشەیە بۆ کەمینەکانی عێراق: بڕگەی 26 لە یاسای ناسنامەی نەتەوەییدا، ئەو منداڵانە ناچار دەکات کە یەکێک لە دایک و باوکیان موسڵمان بن، بە موسوڵمان بناسێنێت. و هەروەها ئەو سنوردارییەی کە پێشوەخت هەبوو لە یاساکەدا دووپاتی دەکاتەوە کە تیایدا، موسڵمانان ناتوانن باری ئاینی خۆیان بگۆڕن لەسەر ناسنامەکانیان پاش ئەوەی کە وەردەگەڕێنە سەر هەر ئاینێکی تر. سەرکردە مەسیحیەکان ڕایان گەیاندوە کە لە هەندێک حاڵەتدا، ئەو خێزانەی کە پێشتر وەک موسڵمان تۆمارکراون بەڵام ئاینی مەسیحی پەیڕەو دەکەن، هەڵهاتوون تاوەکو دووركەونەوە لەوەی کە منداڵەکانیان بە موسڵمان تۆمار بکەن، یان بەوەی کە منداڵەکانیان بە بێ ناسنامە بمێننەوە. یاساکە هەر وەک خۆی و بێ دەستکاری ماوەتەوە، سەرەڕای بەڵێنی ناوە ناوە لە 2015 ەوە لەلایەن ئۆفیسە یەک لە دوای یەکەکانەوە بەوەی کە جارێکی تر پێداچوونەوەی تیا بکەن. لەکاتێکدا، حکومەت داوای یاسایی تۆمارکردووە لەدژی چوار بێباوەڕ بە خوا، لەناویشیاندا دەرکردنی یاسایەکی دادگا لە نیسانی 2018 دا بۆ دەستگیرکردنی چوار کەس لەو جۆرە بە تاوانی "بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی نەبوونی خوا." لە کانونی یەکەم دا، جێگری وەزیری داد، حسێن ئەلزوهێری لە میانەی دیالۆگێکدا لەگەڵ لیژنەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر دۆزی لابردنی جیاکاری نەتەوەیی، دوپاتی کردەوە و سوربوونی ماوە درێژی حکومەتی ڕاگەیاند لەسەر ئەوەی کە بەهایزم ئاینێکی ڕاستەقینە نییە. و بۆ ئەو کارەش، دووبارە تیشکی خستەوە سەر یاسای ژمارە 105. کە تیایدا ڕێگری لە بەهاییەکان دەکرێت بەوەی کە هیچ چالاکیەکیان هەبێت لە وڵاتەکەدا لە سەرەتای تێپەڕبوونی ئەو یاسایەوە لە دەستپێکی حکومەتی بەعس لە 1970 دا.

***کێشەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا:*** ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەناگەیەکی زۆر گرنگ بوون بۆ زۆرێک لە کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاینییەکانی باکوری عێراق، و نزیکترینیان لە ماوەی قەیرانی داعش دا بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ کاتی پاش 2003 ی توندوتیژی مەزهەبی هەروەها، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆریان خستوەتە گەڕ بۆ خستنە ڕووی ناوچەکانیان وەک پەناگەیەکی ئارام بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەکان و ئاینەکان. زۆرێک لە ئەندامانی کۆمەڵگە کەمینەکان هەڵهاتون و دوابەدوای سەرهەڵدانی داعش لەو ناوچانە نیشتەجێ بوون، کە دەنگیان، ـ کە پێشتر هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە لە لایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە- قورساییەکی زۆرتری هەبووە، بەتایبەتی لە حکومڕانی ناوخۆیی و بڕیاردانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە پێش پێکدادانەکانی 2017 لە نێوان بەغداد و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و دوابەدوای ڕیفراندۆمە بێ بەرهەمەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، شوێنی ئازادی ئاینی لە زیاد بووندا بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە ئەو شوێنە وا دەرناکەوێت کە هیچ ئاماژەیەکی تەسکبوونەوەی بەخۆیوە بینی بێت لە مانگەکانی دواتردا.

سەرەڕای ئەوەش، ئاستەنگی ڕاستەقینە و بەردەوام هەیە بۆ کۆمەڵگای کەمینە ئاینییەکان کە لە ناوچەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەژین. یەکێک لە خراپترین ئاستەنگەکان، دەنگدانەوەی کێشەی هاوشێوە بەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی فیدراڵدا سەری هەڵداوە، کێشەی ناکۆکی زەویە. لە چوارچێوەی عێراقدا، ناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی زۆرجار بە

توندی بەندە بە شوێنی پیرۆز یان پەرستشەوە، وەکو ئەو لادێییەی کە ماڵی زنجیرەیەک لە مەسیحیە کلدانییەکان یان خێزانی موسوڵمانە شیعە شەبەکەکان بووە بۆ چەندەها نەوە، یان مەزارێک کە تیایدا باوەڕدارانی یەزیدی لەوانەیە تیایدا کۆببنەوە لە ڕۆژە پیرۆزەکاندا. لەم بارودۆخانەدا، کە بەتایبەتی لە باکوری عێراق باوە ، دەستبەسەراگرتنی زەوی لەوجۆرە و بەو ڕێگانەی کە دەسەڵاتدارە بەرپرسەکان کێشەو ڕێک نەکەوتنەکان لەسەر خاوەندارێتیان دەستنیشان دەکەن، دەکرێت ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبێت لەسەر هەستی کۆمەڵایەتی یان لەخۆگرتن یان پەراوێزخستنی کۆمەڵگایەک. کۆمەڵگا مەسیحیەکان بە تایبەتی دەستبەسەراگرتنی زەوی و ماڵی مەسیحیەکانیان لە پارێزگای دهۆک ڕاگەیاندوە ، زۆرجار، نەک هەمیشە ئەو موڵکانە لە خۆدەگرێت کە بۆ ماوەیەکی کاتی بەجێیان هێشتووە لەماوەی لوتکەی قەیرانی داعشدا. وەک ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، ئەگەری زۆرە کە ئەم کێشانە ڕەنگدانەوەی چەندین دەیە گەندەڵی بن، کێشەی سەرانسەری لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و تۆماری زەوی و زار، وە ئاڵۆزیەکانی تر کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی پێش ئۆتۆنۆمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستا لە باکوری عێراق.

## سیاسەتی ئەمەریکا

ویلایەتە یەکگرتوەکان چەند پێوەرێکی گرنگی کارا کرد سەبارەت بەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی کەمینە بنەتەوەیی و ئاینییەکانی عێراق دەبێتەوە. یەکەم، لە کانونی دووەمی 2018 دا بریکاری ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) ڕایگەیاند کە 55$ ملیۆن دۆلار لەو 75$ ملیۆنەی کە پێشتر تەرخانی کردوبوو بۆ یارمەتیدانی سەقامگیرکردنەوەی عێراق لە ڕێگەی پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە (UNDP) بە دیاری کراوی دەڕوات بۆ هاوکاریکردنی ئەو کۆمەڵگایانە. لە تشرینی یەکەمدا، وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا $ 178 ملیۆنی تریشی بۆ هەمان مەبەست ڕاگەیاند. لە کۆتاییدا، کۆنگرێس لە تشرینی دووەمدا یاسای ئێچ. ئار 390 ی تێپەڕاند، کە بە یاسای 2018 ی فریاکەوتن و بەرپرسیارێتی جینۆساید لە عێراق و سوریاش دەناسرێت، کە سەرۆک دۆناڵد جۆن ترەمپ مانگی دواتر واژۆی بەیاساکردنی لەسەر کرد. ئەم یاسایە ڕایگەیاند کە داعش "بەرپرسیارە لە جینۆساید، تاوانەکان دژی مرۆڤایەتی، و تاوانی قێزەونی تر دژی گروپە کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان لە عێراق و سوریا، لە ناویشیاندا مەسیحیەکان، یەزیدیەکان، موسوڵمانە شیعەکان لەناو گروپە ئاینی و نەتەوەییەکانی تردا". ئەم یاسایە زیاتر سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئاراستە کرد بۆ هاوکاریکردن بە فەراهەمکردنی "پێداویستیە مرۆیی، سەقامگیری و بوژانەوەکان"ی ئەو کۆمەڵگانە و هەروەها بۆ یارمەتیدانی هەوڵەکانی حکومەتەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە خستنە ئەستۆی ئەندامانی داعش بەو تاوانانەی سەرەوە. ئەم پێوەرانە سیاسەتی جدیی و بەڵێنی دارایی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەردەبڕێت لە دەستنیشانکردنی کارەساتی قورسی نەتەوەیی و ئایینی عێراقی چەند ساڵی پێشوو.

گروپە فریاگوزاریەکان و سەرکردە ئاینیەکانی عێراق پێشتر خەمی زیادبووی خۆیان دەربڕیبوو کە لەڕاستیدا تاڕادەیەک کەمێک لەو هاوکاریە داراییانەی کە بەڵێندرابوون گەیشتبوونە کۆمەڵگاکانی عێراق کە پێویستیان پێیەتی. هەرچەندە، جێگری

سەرۆک مایکڵ ڕ. پێنس بەتایبەتی خەمخۆری زیاتری خۆی دەربڕیبوو بە پێشخستنی دەستپێشخەریەکان بە ئامانجی هاوکاریکردنی کەمینە ئاینی و نەتەوەییە چەوساوەکان لە عێراق ڕاستەوخۆ لەلایەن هاریکاری زیادەی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکان، بە هەمەئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ئاینی و ناوخۆییەکان. لە حوزەیرانی 2018 دا، جێگری سەرۆک پێنس لە وەزارەت بۆ ئازادی پێشکەوتوی ئاینی دەستپێشخەریەکی تازەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ڕاگەیاند بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی ئەو تاوانکاریانەی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدرابوون، کە بووە هۆی کاراکردنی (GRPR) پرۆگرامی بەدەمەوەچونی چەوساوان و ژیانەوەی قوربانیانی جینۆسایدی USAID لە حوزەیراندا و دووهێندەکردنی هاوکاریەکانی بۆ زیاتر لە $239 ملیۆن دۆلار بۆ یارمەتیدانی کەمینە ئاینی و نەتەوەییە چەوساوەکانی عێراق. زیاد لەوەش، لە تشرینی یەکەمدا، سکرتێری وەزارەت میکائیل ڕ. پۆمپیۆ ماکس پریمۆراک (Max Primorac) ی چالاک کرد لە قونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە هەولێر بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم پرۆگرامانە وەک نوێنەرایەتی تایبەت بۆ هاوکاریکردنی کەمینەکان.